# ئازادی ئایین و باوەڕ

ئازاد کەریم

مەبەست لە ئازادی بیرو باوەڕ لە چوراچێوەی سیستەمی مافەکانی مرۆڤدا ئازادی تاکە لە باوەڕ هێنان بە هەر بیرۆکەیەکی ئایینی یان غەیری ئایینی.

کۆمیتەی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەرپەرشتی جێ بە جێ کردنی پەیماننامەی تایبەت بە مافەکانی مەدەنی و سیاسی ئەکات ئەم کومیتەیە لە ١٨ پسپۆر پیك دێت کە لە لایەن وولاتانی ئەندام لە پەیماننامەکە هەڵدەبژێردرێن. بە پێی ئەم کۆمیتەیە ئازادی ئایین و بیرو ڕا خۆی دەگرێتەوە لە ( بیرو باوەڕ بە بوونی خواوەند یان نەبوونی شان بە شانی مافی پابەند نەبوون بە هیچ ئایینێك یان باوەڕێك ). ئایینەکان و باوەرەکان هیواو سەلوای بۆ ملیونەها کەس دێنێت و هەروەها کاریگەریەکی بەرچاویشی هەیە لە چەسپاندنی ئاشتی و ئاشتەوایی بەلام لایەکەی تریش بووە بە سەرچاوەی ململانێ و ناسەقامگیری.

خەبات کردن لەپێناو ئازادی ئایین مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك و زۆر کاتیش بووە بە هۆی چەندین کێشەو ململانێی دڵ تەزێن. ئەگەرچی ئەم جۆرە کێشانە ئێستاش هەرماوە و بەردەوامە بەڵام ئەتوانین بڵێین کە سەدەی بیستەم هەندێك بۆ پێشەوە چوونی بە خۆیەوە بینی، وەك دانان بە هەندێك بنەمای هاوبەشی تایبەت بە ئازادی ئایین و بیرو باوەڕ، وە هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی نا بە گرنگی ئازادی ئایین و باوەڕ هەروەك لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا هاتووە کە لە ١٠ی دیسیمبری ١٩٤٨ دەرچووە و لە بڕگە ١٨ی ئەم جاڕنامەیە هاتووە:

هەموو مرۆفێك مافی ئازادی ئایین و باوەڕی هەیە و ئەمەش ئازادی لە لەخۆگرتن و پەیڕەو کردنی هەر ئایینێك کە خۆی هەڵیدەبژێرێ ئەگەیەنێ دوابەدوای ئەم جاڕنامەیە زۆر هەوڵ درا بۆ ئەوەی ڕێککەوتن نامەیەك ڕێك بخریت تایبەت بێت بە ئازادی ئایین و بیرو باوەڕ کەچی هیچیان سەری نەگرت.

بەڵام پەیماننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە بڕگەی ١٨ی ئەم پەیماننامەیە کەلە چوار بەش پێك هاتووە دانی ناوە بە ئازادی ئایین و باوەڕهێنان وەکو لەخوارەوە هاتووە :

١. هەموو کەسێك مافی ئازادی لە بیرکردنەوە و ویژدان و ئایین هەیە. وەك ئازادی لە پەیڕەو کردنی ئایین و ئازادی لە لەخۆگرتنی هەر ئایین و باوڕێك کە خۆی هەڵی دەبژێرێ و ئازادی لە ئاشکرا کردنی ئایینەکەی و باوەڕەکەی بە پەرستن و بەستان و گێڕانی بۆنە ئایینیەکان و فێرکردنیان چ تاك بێت یان کۆ بێت لەگەڵ خەڵکان لەبەر چاوی کۆمەلگە یان بە تەنها.

٢. نابێت هیج کەسێك زۆری لێ بکرێت بە جۆرێك کە ئازادی پەیڕەو کردنی ئایین پێشێل بکات یان ئازادی لە باوەڕ و هەلبژاردنی ئایینی پێشێل بکات.

٣. نابێت بە هیچ شێوەیەك ئازادی مرۆف لە ئاشکرا کردنی ئایین و باوەڕی بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، تەنها ئەم کۆتانە نەبێت کە یاسا دەی سەپێنێ و پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تەندروستی گشتی و ئازادی گشتی و مافەکان و ئازادیە بنەڕەتیەکانی خەڵکانی تر.

٤. وولاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە بەڵێن دەدەن کە ڕێز لە ئازادی باوکان و سەرپەرشتیاران بگرن بۆ پەروەردەی منالەکانیان لە ڕووی ئایینی وڕەوشت و بەپێی قەناعەتی تایبەتی خۆیان.

دوای بیست ساڵ لە گفتو گۆ کردن وکاری قورس، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان بەبێ ئەوەی کە بخرێتە دەنگدانەوە لە ساڵی ١٩٨١ جاڕنامەی بنبڕکردنی هەموو شێوازێکی کوێر باوەڕی یان مێشك تەسکی و جیاکاری کەلەسەر بنچینەی یان بناغەی ئایین و بیرو باوەڕ لە خۆ گرت هەروەك دواتر ئیشارەتی بۆ ئەکرێت لە جاڕنامەی سالی ١٩٨١.

ئەگەرچی وەك هەر جاڕنامەیەکی تر ئەم جاڕنامەیەش سیفەتێکی دووچار یان ناچار کردنی تیا نیە و وەهیچ میکانیزمێکیشی دیاری نەکردوە بۆ سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی، بەڵام تاکو ئیستا بە گرنگترین بەیاسا کردنی هاوچەرخ دەژمێردرێت بۆ برنسیبی ئازادی ئایین و بیرو باوەڕ.

ئەم جاڕنامەیە هەشت ماددەی تیایە، ماددەکانی ١, ٥, ٦ باس لە هەندێك مافی دیاری کراوئەکات، بەڵام ٥ ماددەکەی تر پەیوەستە بە هەندێك هەنگاوی لێبورین و خۆپاراستن لە جیاکاریەکان. بەشێوەیەکی گشتی ئەم جاڕنامەیە باس لە چوارچێوەیەکی گشتی ئەکات بۆ مسۆگەر کردنی کەشێکی گونجاو لە گیانی لێبوردەیی و پیادەکردنی جیاکاری لە سەر بناغەی ئایین و بیروباوەڕ.